کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-11-2007 13:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەڵوێستی تالەبانی لەبەر دەم قەیرانی تورکیا... یەکەکەدا ... هوشیار جاف**



زۆربەی خەڵکانی دنیا لە گشت دەورە مێژوییەکاندا، لەجەنگ زیانیان دیوە و هەمیشە تینووی ئاشتی بوون، بەڵام لەم کات و سەردەمەدا بەچەند پلە زیانی شەڕ زیاتروپێویستی ئاشتی زەرورەتە بەرەو پێش چوونی تەکنەلۆژیایش چەکی ڕوخێنەری زیاتری خستۆتە نێو مەیدانەکەوە، چەکی تۆقێنەرو ڕوخێنەر، هەتا ژیانیش زیتر بەرەو پێش بڕوات کارەسات زیاتردەکات، لەنەشونمادایە، ئەمانە بەلای میللەتی کوردەوە ئەفسانە نین و هەموو دەزانین کە لەمێژووەکەماندا بەرەو ڕووی چەندان دووژمن بوینەتەوە، داغان بونیشمان لە چەندین داستاندا وا هەڵکەوتوە، کە خۆمان بەدەستی خۆمان بووە، واتا بەناپاکی خیانەت و یاری کردن لەو مەیدانەدا بۆ بەرژەوەندی مانەوەی تاکە کەسی ئەمەش بە لاتانەوە سەمەرە نەبێت چونکە ئەوە لە مینبەرو باسە سیاسیەکاندا بە فەلسەفەی کەسێکی نەخۆش لە قاڵب دەدرێت، لەم نێوەدا ئاڵوگۆرو هەڵوێستی نەتەوەیی وەدیار دەکەوێت و پێش گیری لەبەرەو پێش بردنی فەرهەنگ دەکات، لە زۆربەی وولاتاندا لەمجۆرە هەڵوێستانەدا سوود لە بازرگانی دەکرێت، بەڵام لەسەردەمی کوردا سود لەگەمەکردن بە مەغز دەکرێت، ئەگەر ئەم ڕەوشتە نالەبارە لە مانشێتی چاوو عەقڵدا نەمێنێت ئاشتی و سەرکەوتن بەشێوەی ماتماتیکی دیاری دەکرێت، بەپێچەوانەوە هەمو شتەکان بەسەر یەکدا دەسوتێن و دادەڕمێن، نمونەکانی یەکێتی سوفیەت و غەجەرەکانی ئەمریکا لەبەر چاومانن و دەتوانرێ تاوو توێ بکرێت، دەبێ ئەوەمان لەبیرنەچێت کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوەتە کۆگای باروت و هەر لولەی تفەنگە ڕومان تێدەکات، لەم میحوەرەوە دەتوانین بڵێین کە شیرازە نەتەوەییەکە بەرەو سستی دەڕوات و زەروریەتەکانی خۆی لەدەست دەدات. لە دوای ئەم چەند دێڕە دەبێت لەوە تێبگەین و ئاشکرای بکەین کە هەرسێ دەوڵەتی تورکیا، سوریا، ئێران لەم قەیرانەدا چۆن ڕێك کەوتوون، ئەم مەترسیەی کە درووست بووە لەو سنوورەدا هێندەی پەیوەندی بە باشوری کوردستانەوە هەیە پەیوەندی بە بەشەکانی دیەوە نییە، تورکیا لەگەڵ ئەوەی کە ڕێز بۆ هیچ زلهێزەکانی دونیا دانانێ گوێ لە حیلفی ناتۆش ناگرێ و لە ڕاپۆرتی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا دەوڵەتی ئەورووپی بە تورکیایان ڕاگەیاندووە، کە ئەم جۆرە ڕەفتارانە کەیسەکەیان دوا دەخات و هێندەی تر خاڵی خراپ درووست دەکەن بۆ دواخستنیان لە هاتنە ناوەوەی بازاڕی ئەورووپی، هەوڵەکانی تورکیا لە گەڵ KDP پێدەچێت ئەنجامی نەدابێت بەدەستەوە، بۆیە بانگی تالەبانیان کردووە کە بەسەردانی ڕەسمی بچێتە تورکیا، تالەبانیش لە بۆچونە سیاسیەکاناندا واپێدەچێت، هەروەك چۆن مەلا موستەفا کاتی خۆی وەکو وەفدێك ناردی بۆ بەغدا، تاوەکو مفاوەزات بکات، بەڵام هەموو کوردی بە شوو دا، ئێستەیش لەوە دەچێت کە هەمان ڕەفتاری فرێ نەدابێت و هەمان مەقام بۆ خۆی خۆش بکاتەوەو بەدەموچاوی ماسکەوە لەگەڵ گەڕانەوەیدا سیاسەتێکی نالەبار لە نێوان حیزبەی خۆی و پارتیدا وەرگەڕێنێتەوە بو زیانی تەرەفی دووەمی کورد، لە بارمتە وەرگرتنی تالەبانی لە تورکیا گۆڕانکاری گەورە درووست دەبێت کە زیانی زۆر دەگەیەنێت بە و ئەزموونەی کە تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە بکەوێتە سەر پێی خۆی لە کوردستاندا، لەسەر ئێمەیە کە هوشیار بین و نرخ و نەریتی خۆمان بناسین و ئەو هەستە لەدەست نەدەین کە زۆر بەسەختی بەدەستمان هێناوە و قەوارەی نەتەوایەتی خۆمان لە ئەندازەدا بهێڵینەوە و ئەزمون لەو ڕابردووە تاڵە وەربگرین کە بە مێژوماندا تێپەڕیوە، لە نووسینێکی پێشومدا باسم لەوە کردبوو کە تورکیا هیچ شتێك بەلایەوە گرنگ نییە تەنها سەقامگیر بوونی خۆی دەوێ لە کوردستانی باشووردا بەهەر شێوەیەك بێت، کاتی ئەوەش هاتووە بڵێین کە ئاشنایی گەلان پێکەوە، نابێتە هۆی ئاشتی نێو نەتەوەیی، ئەوەش ڕاستە کە دەمارگیری جوراو جۆری نەتەوەیی، جیاوازی لە نێوان گەلاندا پێکهێناوە،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-11-2007 13:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەڵام ئەو جیاوازیە ئەوەندە قووڵ نییە، کە ببێتە هۆی جەنگ لە نێوان گەلاندا، مێژوو ئیشارەی بەمە کردووە خەڵکی خوزیاری ڕوخانی یەکتری نین، بەڵام هۆیە بنە ڕەتیەکەی شەڕ قازانج و ویستی حکومەتەکانە، لەم هۆیەدا سوود لەدەمارگیری وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر تورەین لەتورك و بەدووژمنی سەرەکی هەموو کوردی دەزانین پێمان باش نییە ببینە هەپی بەیاز لەم گەمەیەدا.

کەنەدا
jaff69@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.